# پەیامی خەڵک

**جاران** کە گەڕەکێکی تازە دروست دەکرا دەبووایە چەند مزگەوتیشی تێدا دروست بکرێ، بەڵام ئێستا لە جیاتی مزگەوت بەرپرسەکان بەنزینخانە دروست دەکەن!! ئەوەتا زۆربەی گەڕەکەکان بەنزینخانەیان تێدا دروست دەکرێ.

**فرمان**

**ماوەیەک** لەمەوبەر قایمقامی هەولێر بڕیاریدا کە نابێ بەنزینفرۆشەکانی سەرجادە بمێنن، کەچی ئەو ڕۆژە قایمقام لە وەڵامی پرسیارێکدا وتی ئێمە دەزانین بەنزینفرۆشەکان هاتوونەتەوە سەرجادەکان، بەڵام چونکە بەنزین لە بەنزینخانەکان کەمە بۆیە ڕێگەمان پێداونەتەوە. ئێمەش دەپرسین ئەو بەنزینەی لەسەر جادەکانەوە دەفرۆشرێن لە کوێوە دێن؟.

**شۆفێرێک**

**پاسەکانی** هێڵی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی بە کەیفی خۆیان کرێی هێنان و بردن دادەنێن، ڕۆژێک بە ٥٠٠ دینار و ڕۆژێک ٤٠٠ دینار نەفەر باردەکەن، کەچی هەندێ ڕۆژان ماندەگرن و کار ناکەن. من پێموایە بە پلەی یەکەم حکومەت لەم کێسەیە بەرپرسیارە .

**ڕۆژبین**

**گەراجی** شارۆچکەی کەلار وێڕای ئەوەی کە قەڵەباڵغی لەسەرە کە چی تەنیا یەک ئاودەست( تەوالیت)ی تێدایە. ئەویش لەبەر بێخزمەتی بەکەلک نایەت، بەردەوام ڕیزی بۆ گیراوە، بەڵام نازانم شارەوانی ئاگای لێ نیە یان خۆی لێ نەبان دەکات؟!

**م. کەلاری**

# کچان داوای ماڵی جیا دەکەن

**شاناز**



ژیان چەند ئاڵۆز بێت بەڵام سەرەتای هاوسەرێتی زۆر سادەو ساکارە. ناخۆشی خۆشیەکان دەبێتە خۆشی و خەندە، چونکە ئەو دوو کەسە زیاتر بیر لەخۆشەویستی دەکەنەوە وەک بیر لەتەماع و شەڕو گێژاو. دروستی هاوسەرگیری لەکاتێکدا دەبێت، کە ئەو کوڕو کچە ڕەزامەندبن بەهەموو داواکاری و خواستەکانی یەکتر، خۆشبەختی هاوسەرێتیەکان لەوەدایە لەهەستی یەکتر بگەن، کەموکورتی یەکتر تەواوبەکەن. کاتێ کوڕان دەچنە خوازبێنی کچان، قسەی پاش ڕازیبوونیان کچان، داواکردنی ماڵی جیایە بۆی. ئەگەر کوڕێک دەسەڵاتی ماڵی جیای نەبوو یاخود نەگونجا بۆی، بردیە سەرماڵی باوکی، ئەوکچە واهەست دەکات ئازادیەکان و خۆشیەکانی لێ داگیر دەکرێ. ئایا کچان بۆچی لەکاتی هاوسەرگیریدا حەزدەکەن ماڵی جیایان بۆ بکرێ، ئاخود زۆرینەیان دەڵێن هیچ خشڵ و دیاریەکمان ناوێ تەنها ماڵی جیامان بۆ بکەن. ئایا هۆی بێزار بوونیانە لەخێزانی گەورە یاخود حەز بەئارامی و تەنیای دەکەن، یان ئارەزووی گۆڕانی خێزان کە لەسەرەتاوە خۆیان بناغەی بۆ دابنێن. هەر بەمەبەستی ئارەزووی کچان بۆ ماڵی جیا لەکاتی هاوسەرێتیدا، پرسیارمان لەکچان کرد بۆچی حەز بەماڵی جیا دەکەن هۆی چیە؟ ئەوانیش وەڵامیان داینەوە.

هێشوو عمر کریم: بێگومان حەزم بەماڵی جیایە و داواشی دەکەم، چونکە حەزدەکەم هەرچی ئارەوزوو خۆشەویستیەکم هەبێت، لەدووری خێزانی گەورە بۆ هاوسەرەکەم دەربخەم. چونکە زۆرجار ئەگەر جیا نەبیت، جۆرە شەرم و نامۆییەک بەخۆشەویستی هاوسەرێتیەوە دیار دەکەوێ. کاتێ جیابوین بە ئارەزووی خۆمان هەرچیەک دڵمان پێ خۆش بێ، لەگەڵ هاوسەرەکەمدا دەیکەن بێ ئەوەی کەس ڕێگرمان بێت. بەڵام کاتێ لەسەر ماڵ بین ناتوانین زۆرینەی ئارەزووەکانمان بەدڵی خۆمان بێت.

چاوان جەمال حسێن: حەزدەکەم ماڵی جیام بۆ بکرێ، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بوک و خەسو جارەی یەکیان ناوێ. تەنها مانگێک خۆشەویستین لەلای یەک، دوای مانگی هەنگوینی دەبێتە شەڕو ناخۆشی ئەگەر ئەو خێزانە ڕۆشنبیر نەبن ئەوا ئەنجامیان جیابوونەوەیە. بۆیە لەسەرەتاوە ماڵی جیا بکرێت باشترە، سۆزو خۆشەویستی بەرامبەر یەکتر هەبێت، تا هەست بەهاوسەرێتی خۆیان بەکەن و ماڵێکی نوێ دروست بکەن.

لانە ڕزگار: سەرەتا ماڵی جیام بۆ نەکرا، لەسەر ماڵی خەزورم بوین. هەرچەندە خۆشی ناخۆشی بەدی دەکەا، زۆربەی شتەکان بەئارەزووی من نەبوو. بەڵام پش چەند ساڵێک و دوو منداڵ ئینجا ماڵم جیا کردەوە، کاتێ ماڵم جیاکردەوە وامزانی تازە مێردم کردووە.

جگە لەژنان پیاوانیش حەز بەماڵی جیادەکەن بۆیە زۆربەی کوڕان لەکاتی هاوسەرێتیدا ماڵی جیا بۆخۆیان دەکەن. سەبارەت بەماڵی جیا لەکاتی هاوسەرێتیدا پرسیارمان ئاراستەی ئەم بەڕێزانە کرد.

مەریوان عومەر/ پارێزەر

کچان مافی خۆیانە داوای ماڵی جیا بکەن، باشتروایە بۆیان بکرێ. هەرچەندە ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر شانی کوڕان، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە خێزان بێ ئاژاوەو کێشە بێت. ئەگەر هەردووکیان موچە خۆربن هاوکاری یەکتر بکەن، یاخود کوڕەکە کاسبیەکی باشی هەبێت، ئەوا ماڵی جیا کارآیکی زۆر باشە.

شوان بەهائەدین/ دوکاندار

ماڵی جیا بۆ هاوسەرێتی زۆر چاکە، بەڵام زۆرکات لەبارو گونجاو نیە چونکە ئەمڕۆ کرێی خانوو زۆرگرانە هەندێ جاریش دەست ناکەوێ، جگە لەپێداویستیەکانی دیکەی ژیان. هەروەها زۆربەیۆ کچان داوای ماڵی جیا و ئاڵتونی زۆر دەکەن. ئایا ئەگەر کوڕەکە موچە خۆر بێت چۆن دەتوانێ کرێی خانوو مەسروفاتی ماڵ بەڕێوە بەرێ. بەم جۆرە ئێستا دەبینین، کە گرانیەکی زۆرەو نرخی شتومەک و کرێ خانوو زۆر بەرزە. بۆیە زربەی گەنجان بیر لەژن هێنان ناکەنەوە دەڕۆن بۆ هەندەران.

ئەریوان جەلال: خوێندکاری زانکۆ

حەزدەکەم کاتی هاوسەرگیری ماڵی جیا بۆ هاوسەرەکەم بکەم. چونکە سەرەتای ژیان ئاسودە دەبین، دڵنیام تا کۆتایش هەر ئاسودە دەبین. هەروەها حەزدەکەم هەڵسوکەوتی خۆم و خێزانم لەدەرەوەی خێزانی گەورەبێت چونکە ئیمە گەنجین هەڵسو کەوتمان جیایە ئەوان بەتەمەنن.

ئحەگەر چی کچان لەماڵی باوکیان لەقەرەباڵغی دا دەژحن بەڵام حەز دەکەن کاتی هاوسەرگیری ماڵی جیایان هەبێت، ئیتر خۆیان بەخاوەن ماڵ بزانن هەستی لێ پرسینەوە بکەن ژنایەتی خۆیان بۆ مێردەکانیان دەرببڕن.دیارە چەندە کچان حەزیان بەماڵی جیایە کوڕانیش هێندە حەزیان لەماڵی خۆیانە بەئازادی لەگەڵ هاوسەرەکانیان بژین، بەڵام گرانی بازارو نەبوونی شوێنی نیشتە جێبوون بۆتە گرفتێکی گەورە لەبەردەم کوڕانی کوردستان بۆیە زۆربەی کوران بیر لەژن هێنان ناکەنەوە، بەرەو هەندەران دەڕۆن چونکە ئەمە بەڕێگا چارە دەزانن، ئەمەش بۆ کچان زەرەمەندیە کە زۆرینەی کچان بەقەیرەیی ماونەتەوە، یان وایان لێ دێت شوو بەپیاوێک بەکەن کەژنی تری هەبێت. ئەمەش خۆی بۆخۆی کێشەیەکی تریژنان و کچانە. باشتروایە حکومەت شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، گرانی کەم دەرامەتی لەهاوڵاتیان بەدوور بخاتەوە. تاکو کۆمەڵگەیەکی ئاسودە و خۆش بەخت، دوور لەکێشەو هەڵچون بۆ هاوڵاتیان دابین بکات.

# بۆچی گۆرانیبێژان لەکاتی دیمانەدا دەنگیان ناخۆش دەبێ؟

**شەرمین عوسمان- سوید**

زۆربەی گۆرانیبێژەکانی کورد لایەنگری خۆیان هەیە و کەسانێک هەن کە حەز بە دەنگیان دەکەن، بەڵام مەرج نیە کە هەوادارانی گۆرانیبێژان لەیەک ئاست دابن، گۆرانیبێژی وامان هەیە کە زۆرترین کەسی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، هی واش هەن لایەنگرانیان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، یان بەدەگمەن گوێمان لەوە دەبێ کە خەڵکانێک داوای گۆرانیەکانیان بکەن. لەوانەیە باش بۆی بچین ئەگەر داخوازی لەسەر بەرهەمەکانیان بکەین بە بەڵگەی ژمارەی لایەنگرانیان. لەوانەیە لە فرۆشتنی بەرهەمەکانیانەوە بۆمان دەربکەوێ کە کامەیان زۆر و کامەیان زۆرتر و کامەشیان زۆرترین گوێگری هەیە.

ئاشقانی گۆرانی و مۆزیک بەسەر دەستەو گروپ، یان زۆرینەو کەمینەدا دابەش دەکرێن، بەڵام لێرەدا مەبەستی من ئەوە نیە باس لەو مەسەلەیە بکەم، بەڵکو مەبەستم ئەو دیاردەیەیە کە گۆرانیبێژان لە کاتی دیمانەو چاوپێکەوتنەکانیاندا لەگەڵ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا پێشانی دەدەن و دەیدرکێنن. زۆربەیان کاتێ داوای گۆرانیان لێدەکرێ، یان دەڵێن قوڕگمان نووساوە، یان دەڵێن نەخۆشین!! هەندێکیان دەڵێن ئەوە چەند ڕۆژێکە ماندووین یان زۆرمان گۆرانی گوتووە بۆیە دەنگمان دەرنایە!! هەندێکیان لەبەر مەستی توانای قسەکردن و گۆرانی گوتن لەدەست دەدەن.

کورد دەڵێ کەو ئەو کەوەیە لەبەرانبەر کەوێکی دیکەدا بخوێنێ، منیش پێموایە ڕەوا نیە کە گۆرانیبێژان لە دیمانەکانیاندا پاساو بهێننەوەو داکۆکی لە ڕیتمی دەنگی خۆیان بکەن. ئەگەر ئەو گۆرانیبێژە دەنگی خۆشە و یاری و فێڵی مۆنتاژی لە تۆمارکردنی گۆرانیەکانیدا نەکردووە با جورئەتی ئەوەشی هەبێ کە ڕاستەوخۆ گۆرانی بڵێ و شەرم لە دەنگی خۆی نەکات!!

هیوادارم کە ئیتر گۆرانیبێژانی کوردستانیش لە دیمانەو چاوپێکەوتنەکانیاندا نەخۆشی و ماندووبوون نەکەن بە بیانوو پاساوی ناسازی دەنگیانی پێنەشارنەوە.

زۆر کەس دەڵێن: کاتێ گوێمان لە گۆرانی تۆمارکراوی هەندێ گۆرانیبێژ دەبێ، چێژی لێوەردەگرین و هەست دەکەین کە دەنگێکی خۆشی هەیە، بەڵام کاتێ لە دیمانە و چاوپێکەوتنەکاندا گۆرانی دەڵێ هەست دەکەین دەنگێکی ناسازی هەیە! لەوانەیە ئەمە فێڵێکی تێدابێ و ئێمە پێی نەزانین! لەوانەیە دەرهێنەران و مۆزیکزانان بەر لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکاندا دەنگەکانیان ئارایش بکەن و بە شێوەیەکی خۆشتر و دڵگیرتر بیخەنە بازاڕەوە؟!

# لفکەو لیرە

**شوان کەمال محەمەد**

دەگێڕنەوە زەمانی زوو کابرایەک هەبووە لفکەو لیرەی بەیەکەوە فرۆشتووە.! ئەم بەسەرهاتە لەکاتی خۆیدا لەوانەیە کارێکی ئاسایی بووبێت، بەهۆی نەبوونی هوشیاری مرۆڤی ئەوکاتە و نەبوونی ئەتەکیەت یاخود ئەو ڕۆژگارە پێداویستی ڕۆژانە لەچەند بابەتێکی کەم پێکهاتبو، لفکەولیرەش بابەتی سەرەکی ڕۆژانەبووە، ڕۆژان هاتوو ڕۆی بەهۆی پێشکەوتنی شارستانی مرۆڤەوە بەتەکنەلۆجیا، پەیدابوونی هەموو ئامێرو پێداویستیەکان، جیهان وەرچەرخانێ کوگۆڕانکریەکی بەخۆیەوە بینی لەهەموو بوارەکاندا، لەسەر دەستی پسپۆڕانی جیهان کارئاسانی لەئەرکەکانی مرۆڤداکرا. گێڕانەوەی بەسەرهاتی کابرا بوەسەرگوزشتەو پەند واتە ئەگەر کەسێک دووشتی جیاوازی بەیەکەوە بفرۆشتایە دەبووە جێی سەرنج و ئەوبەسەرهاتەیان بۆ دەگێڕایەوە. بەداخەوە بازاڕەکانی کوردستان چەندین دیاردەی لەوجۆرەی تیا پەیداوە. فرۆشتنی کابریتەری مولیدەو پلیتەی چرا بەیەکەوە یاخود باوەشێن و قەپاغ و سەماعەی موبایل، فرۆشتنی کارتی موبایل و تۆری لۆکس یان فرۆشتنی بیبسی قتوو کلینەر بۆ ناو تەنکی بەنزینی ئۆتۆمبیل لەسەر شەقامەکان وە چەندین بابەتی تر .ئەمانە لەبەزمی کابرا سەیرترن بەڵام جێگەی نیگەرانیە .لەوانەیە بۆ وڵاتێکی وەک کوردستان نەنگی بێت، زۆربەی هۆکاری ئەم دیاردەیە. بگەڕێتەوە بۆکەم تەرخەمی حکومەت ونەبوونی خزمەتگوزاری لەوانەیە هەندێ بابەت لەوڵاتاندا کارگەکانیشیان نەمابێت یان بەهۆی داواکاری بازرگانەکانەوە بۆمان بەرهەم بێنن، لەلایەک ئامێری زۆر پێشکەوتو، لەلایەکی تر ئامێری زۆرسادەو ساکارو بێکەڵک.! زۆربەی ئەوبەرهەمانەی دێنەناو کوردستانەوە بەهۆی دروستبوونی ئەوقەیرانەوەیە کەکوردستانی تێکەوتووە بەتایبەتی کەمی خزمەتگوزاریەکان. هاوڵاتی کورد هەردەم لەچاوەڕوانیدایە بۆگۆڕانکاری وپێشهاتەکان. ئێستاش چاوەڕێیە لەبەر ڕۆشنایی بەڵێنو هەوڵەکانی حکومەتی کوردستاندا، چیدی سپلێتەکانی تەنها بۆجوانی نەبێت و ئۆتۆمبیلەکانی بێبەنزین نەبێت و سەروەتو سامانی وڵات بەبابەت و پێداویستی ڕۆژگاری سەدەکانی کۆن بەفیرۆنەڕوات.

# کاربەدەستانی زانکۆ و ئاکارەکانیان




**جەوهەر حوسێن**

ئەمە وێنەی ئەو لافیتەیەی دەرگەی پشتەوەی سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانییە کە خوێندکارە مانگرتووەکانی کۆلێژی (پەروەردەی بنەڕەتی) سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ١٠-٢-٢٠٠٧ لە بەردەم دەرگاکەدا هەڵیانواسی بوو بە پۆزش هێنانەوە بۆ سەرجەم کارمەندانی سەرۆکایەتی زانکۆ، بەڵکو چیدی سەرۆکی زانکۆ لەو ڕێگەیەوە نەچێتە ژوورەوەو بزانێت کە خوێندکارەکانی لەبەردەم دەرگەی سەرەکیدا مانیان گرتووە، بەڵام مخابن تاوەکو کاتژمێر شەشی ئێوارە وەک خۆی مایەوەو بە دەستێکی بەکرێگیراوی پیاوانی زانکۆ ڕەنگرێژکرا. دەشێ چی وابکات کە ئێمەی خۆرهەڵاتی حەزمان بە هەڵبژاردنی ڕەنگەکانەو وادەزانین ژیانمان بەبێ ڕەنگ واتای خۆی لەدەست دەدات. ئەم وێنەیە دەمگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمانێک کە منداڵ بووم و وەک خەون لەخەیاڵمدا ماوەتەوە، ئەوکاتەی کە ئەو خوێندکارانەی نەیاندەویست ببنە (اتحاد الطلبة والشباب) و واژویان بۆ ئەو ڕێکخراوە نەدەکرد. ئەو سەردەمەی کە بەیاننامەو بڵاوکراوەیان بەشەوی ئەنگوستە چاو بەشوێنە گشتییەکانی شاردا هەڵدەواسی لەدژی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ و بەرۆژی نیوەڕۆش لەلایەن پیاوانی ڕژێم و کاسەلێسانی بەئاشکرا لێی دەکرایەوەو دەخرایە تەنەکەی خۆڵەوە، بەڵام ئەم وێنەیە لەو ڕووداوانەی پێشوو جیاوازە، ئێستا دوای تێپەڕبنی ڕۆژگارێکی دژوار، بەئاشکرا هەڵدەواسرێت و پیاوانی زانست پەروەرو پەروەردەچی! بەدزییەوەو لەشەودا لێی دەکەنەوەو پیسی دەکەن، لەم سیناریۆیە سەرسوڕهێنەرەدا، ئەوەی وەک خۆی ماوەتەوەو گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، لەهەردوو بارەکەدا تەنیا خوێندکارانن بوونەتە ڕەمزی گۆڕانکاری و ئاوەژووکردنی بارە نالەبارو گەندەڵەکان، ئەگەر ئەمە ئیشی پیاوانی سەرۆکایەتی زانکۆ بێت و بەنهێنی گەندەڵبوونی خۆیان دەربخەن دەبێ لافی چ ڕێچکەیەک لێبدەن بەرەو مەدەنیەت و شارستانیەت؟.

# وەک خۆی



**بە ئاچڕەی نێوچەوان بژێوی ڕۆژانە پەیدا دەکات و تەمەنیش کۆڵی پێنادات**

**فۆتۆ : تارینا زانا**